# عەلمانیەت

## و بەرهەمە پیسەکانی


نووسینی : محمد شاکر الشریف

وەرگێرانی : ئەیوب خدر

ئامادەکردنی : پـۆڵا

**پێشەکی : ئامادەکار**

**بسم الله والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن تبع هداه وبعد ، برایان و خوشکانی هاودینم السلام علیکم : بە گرینگم زانی ئەم نامیلکە کورت پوختە ئامادە بکەم و بکەمە فایلێکی PDF ، لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی کەمی لەچاپدراوە یان ئەگەر هەشبێ بە شێوەی کۆپی (استنساخ) هەیە و بۆ خوێندنەوە زۆر روون نیە ، وە لەوانەشە بە دەستی هەموو کەسێك نەگات ئەگەر بیەوێ بیخوێنێتەوە .**

**ان شاء الله سوودی دەبێ و بەو ئومێدەی موسڵمانان زیاتر عەلمانیەت و خاوەنەکانی بیرۆکەی عەلمانیەت و پاشان خودی خۆشیان بۆ روون بێتەوە ......**

**" لە دوعای خێر بێ بەشمان نەکەن "**

**پێشەکی : وەرگێر**

وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ ۚ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا (الإسراء : ٨١)

**واتە : بڵێ ڕێبازی حەق و ڕاستی هات و ڕێچکە و مێچکەش تیاچوون بەڕاستی بەشی ئەوانە هەر تیاچوونە .**

**ڕێبازی حەق و ڕاستی هەمیشە وەك پشکۆی ژێر خۆڵەمێش وایە هەر کە شەماڵی حەق هەڵی کرد ، دەستەوجێ دەگەشێتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەویش بیردۆزە دەستکردەکان شەڕ و شیتاڵیان تێکدەنێن و بەرەو زبڵدانی مێژوو مل شۆڕ دەکەن ... جا بەئومێدی ئەوەی پەردەی بێ دەنگی دادڕین و جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ڕاستە شەقامی ئیسلام و سەرچاوەی سازگاری ئەم ئاینە و چیتر ڕەشۆکی خەڵکی و فەریکە موسڵمان بە چەواشەیی و بەرچاولێلی نەمێنن و ماهیەتی عەلمانیەتی بۆ روون**

**بێتەوە و ئەوەندەی تر لە ئیسلام دورنەکەوێتەوە و حەق بە حەق و ناحەقیش بە ناحەق بناسێ ... بە چاکم زانی ئەم نامیلکە وەرگێرمە سەر زمانی کوردی ... ئومێدەوارم جێگەی خۆی گرتبێت .**

**پێشەکی : نووسەر**

**سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو ، درود و رەحمەت بۆ سەرگیانی محمد (ﷺ) و هەموو یارویاوەر و شوێن کەوتووانی ... آمین .**

**نەتەوەی ئیسلام ئەمڕۆ بەناخۆشترین قۆناغی ژیانی تێدەپەڕێت ... ئەوەتا ئێستا لاواز و کزەو ، مرۆڤ خۆرەکان ، لەجولەکە و گاورەکان و بت پەرستانی سەردەم دەستیان خستۆتە بینە قاقای ئەم ئوممەتەو ، تەنها هۆکارێکیش بۆ ئەم دیاریدەیە بریتییە لە دورکەوتنەوەیان لەو ئاینەی کە خوای گەورە بۆی ڕەوانە کردوون وەك ڕێنمایی و ڕێ نیشاندەرێك بۆ دەربازبوون لە تاریکایەکان و بەرەو ڕۆشنایی ..**

**لەسەرەتا دورکەوتنەوە لە ئایین لەسەر کۆمەڵێك موسڵمانان کورت هەلاتبوو کەچی ئێستاکە لە ئاستێکی فراوان و بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کردووە ... وە لەڕاستیدا بڵاوبوونەوەی (عەلمانیەت) لەسەر ئاستی بیر و ڕاگەیاندندا کارلێکردنێکی گەورەی هەبوو لە داکوتینی ئەو دورکەوتنەوە و چەسپاندنی ، هەروەها بۆتە پەرژینێك لەڕووی گەڕانەوەی کۆمەڵ جارێکی تر بۆسەرچاوەی سازگاری رێنمایی و کەرستەی پارێزگاری و تەقواکردن ...**

**جا لەمەوە بوو نووسینی ئەم پەیامە {عەلمانیەت و بەرهەمە پیسەکانی} لە وولاتی موسلمانان دا ، بەڵکو خوای پەروەردگار بیکات بە بەرهەمێك بۆ بەرچاو ڕۆشن کردنی موسڵمانان لەبەرامبەر ئەو بانگەوازە و سەرچاوە خەتەرناکیەی بۆ سەرئایین ..**

**بۆ ئەوەی بەپەلە خۆی لێ پەرژین بکەین و بەرەنگاری بینەوە و بانگبەرانی ڕسوا بکرێت و بۆ تاهەتایێ بە یارمەتی خوا لەبەین بچن ... تا بگەڕێنەوە سەر ئایینی پیرۆز کە سەرچاوەی عززەت و کەرامەتە (وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ)**

**داواکارین لەخوای گەورە بە فەزلی خۆی سەرکەوت و کار و ڕێنیشاندەرمان بێت .**

**محمد شاكر الشريف**

**مكة المكرمة**

# عەلمانیەت چیە ؟

پرسیارێکی کورتە بەڵام پێویستی بە وەڵامێکی درێژ و ڕوون و ئاشکرایە ، وە زۆر گرینگە موسڵمانان وەڵامێکی ڕاستی ئەم پرسیارە بزانن و سوپاس بۆ خوا لەم بارەیەوە زۆر پەڕاو نوسراون ئەوەندە نەبێت پێویستە بەدوایاندا بگەڕێن و دوای زانین کاریان پێ بکەین ..
دەگەڕێینەوە سەر لایەنەکانی پرسیارەکەمان . خۆش بەختانە لە وەڵامدانەوەی هیلاك نابین ، چونکە ئەو فەرهەنگانەی لە وولاتە ڕۆژئاوایەکان نوسراون .. کە سەرچاوەی عەلمانیەتن .
لە ماندوبوونی گەڕان بەدوای وەڵامی ڕاست دەمان حەسێنەوە ، ئەوەتا لە فەرهەنگی ئینگلیزی دا دەڵێ . مەبەست لە ووشەی عەلمانیەت ئەمانەن :
١. دنیایی و ماددی .
٢. بێ دینی و دور لە رەوحانی .
٣. رەهبانیەت و گۆشەگیری .
وە لەهەمان فەرهەنگدا هاتووە لە بارەی ووشەی ناوبراو کە دەڵێ :
عەلمانیەت : ئەو تێڕوانینەیە کە دەڵێت : ڕەوشت و فێربوون نابێ لەسەر بنچینەی ئایین دابمەزرێت .
وە بەڕێوەبەرایەتی معارفی بەریتانی لەبارەی عەلمانیەت دەڵێت : بریتیە لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ، مەبەستی گواستنەوەی مرۆڤە لە گرینگی دان بە دواڕۆژ بۆ گرینگیدان بە دونیا و بەس . جا بەڕێوەبەرایەتی معارفی بەریتانی کاتێك باس لە عەلمانیەت دەکات . لە چوارچێوەی قسەکردنی لە ئیلحادی . بێ باوەڕی قسەی لێ کردووە و ئیلحادیشی کردووە بە دوو جۆرەوە :
١. بێ باوەڕی تیۆری .
٢. بێ باوەڕی کرداری ، عەلمانیەتیشی لە جۆری دووەمدا ناوبردووە .
جا ئەوەی کە باسمان کردووە دوو شت دەگەیەنێت :
یەکەم : عەلمانیەت بۆچوونێکە لە بۆچوونە کوفریەکان کە مەبەستی دابڕینی دینە لە کارلێکردنی کار و باری دنیا ، چونکە ڕێ ڕەوێکە دەسەڵاتی دونیا لە هەموو لایەنەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەوشتی و یاسایی و دور لە فەرمانەکانی دین قەرار دەدات .
دووەم : عەلمانیەت هیچ پەیوەندیەکی بە ووشەی زانست (علم)ەوە نیە هەروەك چۆن هەندێك خەڵکی گەمژە دەیانەوێت خەڵکی فریودەن و دەڵێن مەبەست لە عەلمانیەت : گرینگی دانە بە

زانست و لێکۆڵینەوە و جەخت کردنە لەسەری .. بەڵام هەر بە زانینی واتای عەلمانیەت بە پێی ڕاڤەکردنی ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی لێ گرتبوو ئەم درۆ شاخدارەش ڕوون بویەوە . جا بۆیە ئەگەر بگوترێت عەلمانی - واتە - لادینی و بێ دینی ئەوا بەڕاستی ڕوونترین و ڕاسترین واتایە و لەهەمان کاتدا دورە لە هەموو چەواشەکاریەك .

## عەلمانیەت چۆن سەری هەڵدا ؟!

ڕۆژئاوای گاور لە بارودۆخێکی دینی گوماناوی زۆر دەژیا کە لەڕاستی دا کەشێکی لەبار و زەویەکی بە پیت بوو ، کە تیایدا داری عەلمانیەت روا و لق و پۆپی دەرکرد ...
فەرەنسا دوای شۆڕشە ناسراوەکەی یەکەمین وولات بوو یاسا و ڕێساکانی وولاتی لەسەر بنچینەی بیرۆکەی عەلمانیەت دامەزراند ، جا مەسەلەی ڕوودانی دیاریدەی بیری عەلمانی و پابەند بوون پێوەی لەگەڵ ئەو هەموو بێ باوەڕیەی کە دەیگرێتەخۆ ، هەروەها لە دورخستنەوەی دین لە هەموو بوارەکانی ژیان و دوژمنداری کردنی هەڵگرانی ، دەڵێم ئەو ڕوودانە خۆی لەخۆیدا شتێکی غەریب و نامۆ نەبوو .. چونکە دین ئەوکاتە نوێنەرایەتی ئەو سروشە (وحی)یەی نەدەکرد کە خوای گەورە بۆ بەندە و نێردراوی خۆی کە (عیسی) ی کوڕی مریەم - بوو ڕەوانەی کردبوو ، بەڵکو زۆر لادان و گۆڕانکاری تێکەوتبوو .. جا لەسەرەنجامی ئەوە دینی گۆڕاو لەگەڵ بەرژەوەندی دونیای خەڵکی تەریب نەدەبوو ، بەڵکو کەنیسە کە نوێنەری دینە لای ئەوان ئەوەندەش نەوەستا تەنانەت ئەو گۆڕان و دەست تێوەردانەیان کرد بە ئایین و خەڵکیان پێوە پابەند کرد .. پاشان لە سۆزگەی ئەوەوە چەندین زانای دۆزەرەوە و داهێنەریان مەحکوم کرد لەبەر ئەو دۆزینەوە زانستیانەی کە پێچەوانەی دینە گۆڕاوەکەیان بوو ، جا ئەوەی کوشتیان کوشتیان ئەوەی سوتاندیان سوتانیدان وە ئەوەی زیندانی کرا زیندانی کرا . لە لایەکی ترەوە کەنیسە - نوێنەری ئاینی گاورەکان بوو - پەیمانێکی نادروستی لەگەڵ فەرمان ڕەوا زۆردارەکان بەستبوو ، بە شێوەیەکی وا پیرۆز و معصوم کرابوون هەرچی تاوانی دژ بە گەل ئەنجام دەدرا بە کارێکی ڕەوا و لە چوارچێوەی مافی دەسەلات بۆیان دادەڕشتن و ، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەوە فەرمایشی دینە و دەبێ هەموو لایەك مل کەچی و ڕەزامەندی بنوێنن . لێرەوە خەڵکی لەدوای دەرفەتێك دا دەگەڕان بۆ ڕزگاربوون لە زیندانیەکانی کەنیسە و تاوانەکانی ، جا ئەو لە ڕێ دەرچوون و شۆڕشەیان تەنها لە دژی ئایینی گۆڕاو دابوو کە دژایەتی زانست و پشتی تاوانبارانی دەگرت ... ئەوە بوو وەدەریان ناو دوریان خستەوە لە هەموو بوارەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و چەندین لایەنی تریش .

بەڵام خۆزیا وەك لەو دینەیان دەرچوون ڕێگای ئیسلامیان دەدۆزیەوە کەچی وەك پێشینان دەڵێن (لە بەرازێ ڕەوینەوە بەسەر تەلەکەی داکەوتن) . ئەوە بوو دژایەتیان لەبەرامبەر هەموو دینێك ڕاگەیاند .. بەڵام ڕوودانی ئەو کودەتایە دژ بە ئیسلام نەك هەر دوورە بەڵکو بە خەیاڵانیش دانایەت . چونکە سروش و وەحی خوای گەورە لە ئیسلامدا کەم و کوڕی تێکەڵ نابێت ، چونکە نە دەگونجێت بگۆڕدرێت وە نە دەگونجێت بشێوێندرێت وە نە دەشێت زیاد و کەمی تێدا ئەنجام بدرێت ، وە لەهەمان کاتدا شەرم لە هیچ کەس ناکات و لە هیچ بەدیهێندراوێکیش ناسەلمێتەوە ، جا چ دەسەڵاتدار بێت و یا بێ دەسەڵات و بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خەڵکیش بێ گشتی دەپارێزێت ، چونکە ئەو ئاینە هیچ یاسایەکی تێدا نیە دژی بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بێت . وە جەخت لەسەر زانست ئەکات و هانی خەڵکیش دەدات بۆ فێربوونی وە هیچ دەقێکی ڕاستی شەرعی نیە بە پێچەوانەی ڕاستیەکی زانستی بووەستێت ، بە کورتی ئاینی ئیسلام هەمووی ڕەوایە ، هەمووی چاکەیە ، هەمووی دادوەریە .. جالەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەرچی بیرۆچکەو بەرنامەیەك کە لە ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە ، دوای بێزار ، و ڕق لێبوونەوەی دین بووە ، بەڵام ئەم جۆرە بۆچوونانە لە وڵاتی ئیسلامدا گوێچکەیەکی قولاغیان نەئەدۆزیەوە ئەگەر هاتوو ئەو هێرشە فکریە ڕێکخراوەیی نەبوایە کە ڕاستەوخۆ ڕێککەوت لەگەڵ دڵێکی خاڵی لە باوەڕی ڕاست و چەند مێشکێکی پوچەل و گەندەڵ لە بیرکردنەوەی دروست و ، جیهانێك کە لە بواری شارستانیەت پاشکەوتوو بزر کرابوو ..

پاشان دیانە عەرەبەکان کە نیشتەجێی وڵاتی ئیسلام بوون ڕۆڵێکی گەورە و پڕ مەترسیان هەبوو لە ڕەواج دان و گواستنەوەی بیرۆچکەی عەلمانی بۆ وڵاتی موسڵمانان بگرە بەشداریشیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی دا لە ڕێگەی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە . هەروەها چوونەدەرەوەی خوێندکاران بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی فێربوونی زانستی تازە و هاوچەرخ دیسان شوێنەوارێکی گەورەی هەبوو لە گواستنەوەی بیری عەلمانی و دیاریدەکانی بۆ ناو موسڵمانان ، چونکە خوێندکاران خۆیان لەدەست دابوو بەهۆی بینینی ڕواڵەتی پێشکەوتن و شوێنەوارەکەی جا کاتێك گەڕانەوە وڵاتی خۆیان هەرچی داب و نەریت هەبوو لەگەڵ خۆیاندا هێنایان لە پەیڕەوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و .. هتد وە بەهەموو شێوەیەك بانگەوازیان بۆ دەکرد لەولاشەوە خەڵکی بە خۆشحالیەوە بەروەو بیریان دەچوون چونکە وایان گومان دەبرد (دەرمانی حەوت دەردیان هێناوە) و زانیاری بەسوود و تازەیان دەست دەکەوێت .. کەچی نەخۆیان نە ئەو خەڵکەکەش نەیاندەزانی ئەو داب و نەریتەی کە بە پیرۆز و چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن کالای باڵای نەتەوەیەکە هەموو پەیڕەو و ڕەوشتێك ڕەت دەکاتەوە کە پەیوەندی و بنچینەکەی لە ئاینەوە سەرچاوەی گرتبێت .

جا ئەو کورتە باسە مێژووی یە نەك تەنها لەوەمان حالی دەکات کە چۆن بیرۆچکەی عەلمانیەت هاتە ناو موسڵمانانەوە بەڵکو لە دوو شتی زۆر گرینگ ووریامان دەکاتەوە :.

**یەکەم** : مەترسی ئەو بیر و باوەڕەی دژی ئیسلامن لە نەصرانی و ئەوانی تریش کە لەگەل موسڵمانانادا دەژین .. زانیمان کە چۆن هەمیشە لە پیلانداناان دژی موسڵمانان بە شێوەیەك وا پێویست دەکات ئەوپەڕی ووریا و چاوکراوەبین لە بەرامبەریاندا ، ئەو ئاستەی کە خوای گەورە بۆی دیاری کردووین لەو سنورەدا بەرقەرار بگرێت و بە هیچ شێوەیەك نەهێڵین خاوەنی دەسەڵات بن و کەم تا زۆر دەستیان نەگات بە هیچ هۆکارێکی ڕاگەیاندن و سوود لە هیچ دوانگە و ئامرازێکی پەیوەندی بەستن بە جەماوەرەوە نەبینن ... بەڵام کێ هەیە ئەو کارە بکات ..؟ ئەوەتا زۆر دەزگا و ڕێکخراو هەیە شوێنی بەرز و زەمینەسازیان بۆ دەکەن لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەم ژەهرە کوشندانە { حسبنا الله ونعم الوكيل } .

**دووەم** : ترسناکی ناردنە دەرەوەی خوێندکاری موسڵمان ئەوەتا چەندین ڕۆڵەی موسڵمانمان بینی لەکاتی گەڕانەوەیان دوای خوێندن بە ڕوویێکی ترەوە بە دڵێکی تر جیا لەو روخسار و دڵەی کە پێی ڕۆشتن گەڕانەوە ، جا ئەگەر ئەوەیان پاکانەی بۆ بکرێت بە بیانوی ئەوەی کە زانیاری هاوچەرخ و بوارەکانی زانست سوود وەردەگرن .. بەوانە بڵێین چی ، پلە و پایەی زانستی زانیاری شەریعەت بەگشتی و زمانی عەرەبی بەتایبەتی وەدەست بێنن ، لە کاتێکدا نە زمانی عەرەبی زمانیانە و نە نە قورئانیش بە زمانی ئەوان هاتۆتە خوارەوە ئایا ژێری ئەوە دەسەلمێنێت ، کە موسڵمان بتوانێت زانیاری زانستی ئیسلام و شەریعەت لە وولاتێك وەدەست بێنێت کە لەهەموو کەسێك ڕق ئەستورترو کینە لە دڵ تربن بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان ... !؟

## وێنەکانی عەلمانیەت

### وێنەی یەکەم : عەلمانیەتی بێ باوەڕ " ملحد :

ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك باوەڕی بە دین نیە و ، باوەڕی بە پەروەدگاری دروست کار و خاوەن دەسەڵات و وێنەکێش نیە و دان بە هیچ یەك لەمانە دانانێت بەڵکو بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ئەو کەسانە دەکات کە تەنها باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە وە ئەم جۆرەیان لەگەڵ ئەو هەموو فجور و دێژایەتی یەی کە لە بێ باوەڕیەکەی ڕەنگی داوەتەوە ئەوەندە هەیە مەسەلەی کافربوونی لای موسڵمانان وەك مانگی چواردە دیارە و ، سوپاسی بۆ خوا مەگەر کەسێك بیەوێت لە موسڵمان دوربکەوێتەوە دەنا رەشۆکی خەلکی بەم جۆرەیان چەواشە ناکرێت

و مەترسی لە ڕەشۆکی وەك گوتمان لاوازە ئەگەرچی مەترسی گەورەشی هەیە لە بواری دژایەتی دین و ئازاردان و زیندانی کردن و کوشتنی موسڵمانان .

## وێنەی دووەم : عەلمانیەتی بەناو ( باوەڕدار ) [١] غیر ملحد :

ئەمەیان ئینکاری بوونی خوا ناکات و باوەڕێکی تیۆری پێ هەیە ، بەڵام ئینکاری پەیوەندی و تێکهەڵکێشانی دین و دونیا دەکات ، بۆیە ئەم جۆرەیان مەترسی زیاترە لەسەر ڕەشۆکی خەڵکی لە چەواشەکردن و فریودانیان لە جۆری یەکەم ، چونکە ئینکارنەکردنی بوونی خوا و دژایەتی نەکردنی ئایین لە ڕواڵەتدا ، پەردە بەسەر چاوی خەلکی سادە و ساکار دەهێنێت و حەقیقەت و ناوەڕۆکی بێ باوەڕیەکەی دەشارێتەوە و [٢] . وە بەهۆی نەبوونی زانیاری ڕاست بە ئایین داریەتی کردن و بێ باوەری ئەم جۆرە عەلمانیەتەیان لا ڕۆشن نابێت هەر بۆیە دەبینین زۆربەی دەسەلاتدارانی وولاتە ئیسلامیەکان و بگرە پەیڕەوی ناوخۆی گرووپە عەلمانیەکانیش ، تەنانەت لەکاتی ووتاردان و نووسینی پەڕاو گۆڤار و لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانیشیاندا ، بەناوی خوا و یادی پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی چەواشە دەکەن ، جا بەڕاستی ئەم جۆرە عەلمانیەتە ئەمڕۆ ، زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ و بەدڵنیایی دژایەتی دین و بانگ بەرانی دەکات و ، هیچ کەسیش ووشەی کوفری بە ڕوو نادات ، چونکە لە پۆشاکی جۆری یەکەم خۆی دەرنەخستووە ، وە ئەمەش هۆکەی تەنها دەگەڕێتەوە وەك گوتمان : ناشارەزایی موسڵمانان بە ئایینەکەیان و روونەچوون بەناخ و حەقیقەتیئەو پەیامەی کە خۆیان بە شوێن کەوتو و هەڵگری دەزانن ......

بۆیە داواکارین لە خوای گەورە ئێمە و باقی موسڵمانان لە ئایینی ڕاستی خۆی شارەزا بکات بۆئەوەی ئەو بارو دۆخە بناسین کە ئێستا تیای دەژین و ڕوو ڕەشی ئەو بێ بوایانەمان لەلا ڕۆشن بکات کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ئاینە پیرۆزەکەی دەکەن .

---

[١] عەلمانیەت لە هەردوو شێوازەکانیەوە کوفر و بێ باوەریە جا چ ئەو جۆرەی دان بە بوونی خوا دادەنێت یا ئەو جۆرەی ئینکاری بوونی خوا دەکات ، چونکە ووشەی ئیلحاد لە زمانی عەرەبی واتای لاربوونەوە و ڕێ گۆرین دەگەیەنێت بەڵام ئێمە کە لێرەدا بەم شێوەیەی ناوی دەبەین بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوە و تێگەیشتنە

[٢] زۆربەی خەڵك بگرە هەندێك لە فەریکە موسڵمانانیش دوژمنداری عەلمانیەتی (بەناو برِوادار) یان بۆدەرناکەوێت ، چونکە دین بە بۆچوونی ئەوان لە چەند پەرستن و عیبادەتێك کورت هەڵاتووە بۆ نمونە : ئەگەر عەلمانیەت ڕێگەی لە نوێژکردن نەگرت لە مزگەوتدا یا ڕێگەی نەگرت لە حەجکردنی ماڵی خوا ، وا گومان دەبەن عەلمانیەت دژایەتی ئایین ناکات . بەڵام کەمێك تێگەیشتنێکی ڕاستی ڕاستی دەربارەی ئاین هەبێت زۆر چاك دەزانێ عەلمانیەت چ جۆرە دوژمنێکی ئایینە .. ئایا دەبێ چ دژایەتی کردنێك لەوە بەهێزتربێت کە بەرنامەی خوا لە هەموو بوارەکانی ژیان دوور بخرێتەوە ... ئەگەر پەی پێ بەرن ؟!

# بــــه كـــــورتـــــى

عەلمانیەت بە هەردوو وێنە و شێوازەکانی کە باسمانکردن (کوفرا) ێکی دیار و ئاشکرایە و گومان و دوودلی تێدا نیە ، جا هەر کەسێك باوەڕی بە هەر شێوەیەکیان هەبێت و رازی بێت پێی ئەوا لە نەتەوی ئیسلام دەردەچێت خوا پەنامان بدات ، چونکە ئیسلام ئایینێکی تێر و تەسەلە و لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی و گیانی و .... هتد بەرنامەی هەمە لایەنە و گشت گیری هەیە رێگە نادات بە هیچ پەیرەو بەرنامەیەکی تر لە هەلسوڕاندنی کاروباری مرۆڤ بەشداری لەگەلیاندا بکات چونکە خوای کاربەجێرروونی کردۆتەوە و بە ئاشکرا سەرەنجامی ئەو کەسانەشی دیاری کردووە کەلەگەل دینی خوا پەیرەو لە بەرنامەیەك بکات کە زادەی بیری مرۆڤ بێت وەك دەفەرمووێ ((أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ ۗ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ))

جا بەلگەی شەرعی زۆرن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك شتێك لە ئیسلام ڕەت بکاتەوە دوای ئەوەی زانی ئیسلام فەرمانی پێ کردووە ئەوا (کافر) دەبێت ... کەوا بوو دەبێ (کوفرا)ی ئەو کەسانە چۆن بێت کە ئیسلام بە گشتی ڕەت دەکەنەوە یان دوری دەخەنەوە لە هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ ...؟!

### زانایەکی هاوچەرخ دەفەرمووێت :

هەرکەسێك باوەری وابێت کە ئەو یاسا و پەیڕەوانەی کە مرۆڤ دایدەڕێژێت چاکترە لەبەرنامەی خوا کە ئیسلامە یاخود پەیرەوی ئیسلام چەسپاندنی ناگونجێت لە چەرخی ئێستا ، یا ئیسلام هۆکارێکە لە پاشکەوتنی خەلکی یا ئیسلام گۆشەگیر بکات لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروەرگاری دا ، ئەوا وەبەر بەشی چوارەم دەکەوێت لە هەلوەشێنەرەوەکانی ئیسلام .

## هەندێك لە بەروبوومی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دا

خزین و تێکەل بوونی عەلمانیەت لەگەل کۆمەلگای موسلمانان شوێنەوارێکی خراپی هەبوو لەسەر ژین و دینیان ، جا ئەوانەی خوارەوە مشتێکن لە خرواری گەنیوی عەلمانیەت .

١. رەت کردنەوەی پەیڕەوکردنی یاسای خوای گەورە لەسەر زەوی و ، دابرانی شەریعەت لە هەموو بوارەکانی ژیان و گۆڕینەوەی سروشی خوای گەورە کە قورئان و سونەتی

پێغەمبەرە (ﷺ) بە چەند یاسایەکی دەستکرد کە هەڵێنجراوی بیری کرج و کاڵی ئەو بێ باوەڕانەن کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن ، وە بانگەوازەی گەرانەوە لە ڕێڕەوی شارستانیەت و پێشکەوتن خوازی دەزانن و هەمیشە بانگبەرانی ڕێبازی خوا بە خەڵکێکی بیرتەسك و گاڵتەجاریەوە سەیر دەکەن ، وە بە هیچ شێوەیەك ماوە نادەن لە نێوان هەڵگرانی پەیامی خوا و جەماوەردا هیچ جۆرە لێکخشاندن و نزیکبوونەوەیەك ڕوبدات .

٢. گۆڕین و دەستکاری کردنی مێژووی ئیسلامی وە نیشاندانی چەرخی زێڕین و بزووتنەوەی ڕزگاری ئیسلامی بە چەرخی گەرەلاوژەیی و خۆسەپاندن و .

٣. دەست تێوەردانی پەروەردە و فێرکردن بۆ نۆکەرایەتی کردن و بڵاوکردنەوەی بیری عەلمانیەت ئەمەش بە چەند ڕێگایەك :

أ- هەوێنکردنی بیرۆچکەی عەلمانیەت لە نێوان وانەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانیەوە .

ب- کورتکردنەوەی ماوەی خوێندنی وانەی ئایینی تا ئەو ڕادەیەی لە تواناداهەیە ، و فەرامۆشکردنی بە ئەنقەست لە تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵدا لە هەندێك وولاَتانی ئیسلامی !

ت- قەدەغەکردن و لابردنی چەند دەقێکی دیاری کراو لە قۆناغەکانی خوێندندا چونکە بە ئاشکرا و ڕاشکاوی پوچەڵیەتی ئەوان دەخاتە ڕوو .

ث- لابردن و خانەنشینکردن یان گواستنەوەی ئەو مامۆستایانەی کە پابەندن بە ئایینەوە و قەدەغەکردنیان لە تێکەڵ بوون لەگەڵ خوێندکاران .

ج- وانەی دین بکرێ بە وانەیەکی (هامشی) و هەمیشە لە بەراوێزدا سەیر بکرێ وە لەخشتەی ڕۆژانەدا دواین وانەی خوێندن بێت بە شێوەیەك هیچ کارلێکردنێك لەگەڵ خوێندکاران دروست نەکات .

٤. تواندنەوە و لابردنی جیاکەرەوەی نێوان هەڵگرانی پەیامی ڕاست و کۆمەڵی لاڕێ و بێ باوەڕ و دارشتنیان لەیەك خشتەدا وەبەیەك چاو سەیرکردنیان لە ڕواڵەتدا {لەڕاستی دا پلە و پایەی کۆمەڵی لاڕێ و لەخوا یاخی بەرزتر دەگرن لە بابای خواناس و بڕوادار} چونکە موسڵمانان و نەصرانی و بوذایی و جولەکە و جگە لەوانیش لە سێبەری ئەو بیرە گەندەڵە لە یەك ئاست دادەنرێن و لە ڕاست یاسادا یەکسانن [3]

---

[3] خوێنەری بەڕێز عەلمانیەکان لەسێبەری ئەم کارەیاندا چەند شتێکیان مەبەستە بۆ نمونە : دەیانەوێت بەیانی خواستنی کچێکی موسڵمان لە بابایەکی دیان و جوولەکە و بوذایی کارێکی سادە و ساکار بێت یا ئەگەر هەریەك لەمانە بوونە کاربەدەست لە وولاَتی موسڵماناندا نەبێتە مایەی گرژینەوە و تساؤلات . جا بازاڕی ئەم کەرستە بەهاگرانەی عەلمانیەت لەژێر ڕۆشنایی
ـ یەکێتی نەتەوەیی (الوحدة القومية) ڕەواجی پێ دەدرێت . یەکێتی نەتەوەیی بنچینە و پەتێکی ئەستورە و هەر دەقێك لە قورئان و سونەت پێچەوانەی بێت ئەوا بێ سێ و دوو شایەنی ڕەفزە ، بە بیانووی ئەوەی (یەکێتی نەتەوەیی بەرەو هەڵدێر دەبات) !

٥. بابەتی زینا و کاری بەد ڕەوشتی بە (ئازادی کەس) سەیر دەکرێ و پێویستە پارێزراوبێت بۆیە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن شەو و ڕۆژ پێکەوە گرێ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەوشت نزمی و جارێك بەڕاستەوخۆ و جارێك بە ناڕاستەوخۆ بەردەوام خەریکی دژایەتی ڕەوشتی بەرزن .

٦. دژایەتی کردنی بانگەوازی ئیسلامی ئەمەش لەڕێگەی :

أ- تەسککردنەوەی بواری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەڕاوی ئیسلامی لەگەڵ برەودان و فراوانکردنی بواری لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەو پەڕاوانەی گومان لە بیر و باوەڕی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامدا دروست دەکەن .

ب- فراوانکردنی بوارەکانی ڕاگەیاندن لەبەردەم عەلمانیەکان بۆ دواندنی بەشێکی زۆری خەڵکی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بیرۆچکە گومڕاکەرەکەیان و دەست تێوەردانی واتای دەقە شەرعیەکان ، هاوکات لەگەڵ داخستنی بوارەکانی ڕاگەیاندن لەڕووی زانایانی ئایینی بۆ دورخستنەوەیان لەبەر چاوڕۆشن کردنەوەی خەڵکی بەناوەڕۆکی دینەکەیان .

٧. ڕاوەدونانی بانگ بەرانی خوا و دژایەتی کردنیان و تۆمەتبارکردنیان بە چەند تاوانێکی پوچەڵ و لەڕاستی بەدوور و باسکردنیان بەشێوەیەکی ناشیرین ، تاوەکو وا لەخەڵکی حاڵی بکەن کە ئەوانە واتە {موسڵمانەکان} کۆمەڵکی بیر تەسك و هۆش ووشك و کۆنەپەرستن و هەردەم دژی داهێنانی زانیاری سوودبەخش دەوەستن وە ئاگاداری ناوەڕۆکی هیچ کارێك نین و بەڵکو هەمیشە دەست بە توێکڵ دەگرن و لە کاکڵ دوورن .

٨. دەربازبوون لەو موسڵمانانەی مل بۆ عەلمانیەت کەچ ناکەن ، ئەوانەش یا بەڕێگەی شاربەدەرکردن یان زیندانی کردن یان کوشتنیان .

٩. هێرش بردنە سەرئینکارکردنی جیهاد لەڕێگەی خودا ، وای پێناسە دەکەن کە جیهادکردن لە گەرە لاوژەیی و ڕێگری . ئەگەر چی جیهادکرن لە بنەڕەتدا بریتی یە لە خۆ بەکوشتدان لە پێناو بەرزکردنەوەی ووشەی خوای گەورە تاوەکو هیچ هێزێك خاوەنی دەسەڵات و بەرزی نەبێت بەسەر ئیسلامدا کەچی ئەوان واتە (عەلمانیەکان) دینیان بە هەموو شێوەیەك لە تێکەڵ بوون بە کاروباری دونیا دابڕاندووە و دین وا پێناسە دەکەن ـ لەچاکترین قسەکانیاندا ـ بریتی یە لە پەیوەندیەکی تایبەتی نێوان مرۆڤ و ئەو زاتەی دەیپەرستێ بە شێوەیەك نابێت هیچ شوێنەوارێك لەسەر کار و گوفتاری جێ بهێڵێت لە دەرەوەی شوێنی پەرستندا . وە ئەو شەڕ و کوشتارەی کە ڕێ پێدراوە لەلای ئەوان کلکەکانیان ، ئەو شەڕەیە کە بۆ بەرگریکردن لە ماڵ و نیشتیمان و حیزبایەتی دەکرێت

**دەنا بەرگریکردن لە ئایین و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی کارێکی نارێکە و پێچەوانەی مرۆڤایەتی و شارستانیەتە .**

**١٠. بانگەوازکردن بۆ ڕەگەزپەرستی و نیشتیمانیەت : بانگەوازێکە کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لەسەر یەك کەرەوە {جامع} ی خەیاڵی لە ڕەگەز و زمان و شوێن و بەرژەوەندی هاوبەش .. بە مەرجێك دین نەبێتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی کۆبوونەوە بەڵکو دین بە دیدی ئەوان گەورەترین هۆکاری دووبەرەکی و پارچە پارچە بوونە ، بۆ نمونە : یەکێکیان دەڵێت (تاقی کردنەوەی مرۆڤ بەدرێژایی چەرخە خوێنیەکان سەلماندویەتی ئەو ئایینەی خەڵکی بەسەرچاوەی ئاسایش و دڵنیابوونی دادەنا خۆیی لەخۆیدا بۆتە لابەری ئاسایش) ... جا ئەمە بەشێك بوو لەو بەرهەمە پیسانەی کە عەلمانیەت بەرهەمی هێناون .**

## کەرستەکانی عەلمانیەت بۆ گۆڕینی دین و شێواندنی لە دەروونی موسڵماناندا

**عەلمانیەت زۆر کەرستە و شێوازی جۆراوجۆری هەیە لە گۆڕین و شێواندنی ئایین لە دڵ و دەروونی موسڵماناندا لەوانە :**

**١. دەستەمۆکردنی خەڵکانێکی باوەڕ لەرزۆکی نەفس نزم و لموز چەورکردنیان بە چەند پایە و پلەیەکی دونیایی یا پەروەردەکردنی چەند ئافرەتێك بۆ ئەوەی وەکو توتی مەبەستەکانی عەلمانیەت بدەن بەگوێی خەڵکی دا . بەڵام بەر لە دەستپێکردنی ئەم کارە لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنی عەلمانیەکاندا پێرە خەڵکە پڕوپاگەندەیەکی زۆر دەکرێت و لای خەڵکی بە کەسانێکی زانا و دانا و ڕۆشەنبیر دەناسرێن ، بۆ ئەوەی قسەکانیان بێ چەند و چوون لای خەڵکی وەرگیراوبێت بەم کارەش دەتوانن خەڵکێکی زۆر چەواشە بکەن ...[٤]**

**٢. هەڵسان بە پەروەردەکردنی خەڵکانێك لە باوەشی عەلمانیەت لە ڕۆژئاوادا پاشان گەواهـ نامەی دکتۆرا و پلەی پرۆفیسۆریان پێ دەبەخشن و ، دوایی گەڕانەوەیان بۆ وڵات دەیانکەنە مامۆستا لە کۆلێژ و زانکۆکاندا بۆ ئەوەی لەسەر ئاستێکی بەرز بتوانن کار لە بیر و باوەڕی خوێندکاران بکەن ، جا ئەگەر زانیمان زۆربەی کاربەدەستانی وڵات لەم**

---

[٤] خوێنەری بەڕێز : لە کوردستانی خۆمان زۆر بە زەقی نمونەی ئەو جۆرە کەسانەمان بەرچاو دەکەوێت ، کە لە ڕاستی دا لە ژیانی هەریەك لەوانە وورد بینەوە دەبینین زۆربەی زۆریان بە گوفتار گەل وویست و بە کردار خۆویست و لە خاوەن حەز و ئارەزویەکی ئاژەڵی بەدەر هیچی تر نین . (وەرگێر)

جۆرە کەسانەن ، ئەوکاتە دەزانین بوونی ئەوانە لەو کۆلێژ و پەیمانگایانەدا چ جۆرە مەترسیەکی هەیە !

٣. پارچە پارچەکردنی دین و زۆر قسەکردن و نووسین دەربارەی هەندێك باسی لاوەکی وەك ( میرات ، باسی ئافرەتان و .. هتد) و دروستکردنی شەڕی خەیاڵیلەبارەی چەند مەسەلەیەك لەگەڵ زانا و قوتابیانی زانست و بانگ بەران بۆ سەرقاڵکردن و دوورخستنەوەیان لە کاری گرینگ .

٤. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بیندراو و نووسراودا هەڵدەستن بە شێواندنی ڕوخساری زانایان و قەتابیان و بانگ بەران و وا لە خەڵکی حاڵی دەکەن کە ئەوانە چینێکی بەدڕەوشتی دنیا و ویست و هەوڵ و کۆششیان بۆ پلە و پایە و ئافرەتە بۆ ئەوەی خەڵکی گوێیان بۆ نەگرن و متمانە بە قسەکانیان نەکەن و بەمەش ڕێگا چۆڵ و دەرگا والا دەبێت بۆ عەلمانیەکان (بۆ ئەوەی بەسەربەستی) بانگەوازی خۆیان بکەن .

٥. قسەکردنی زۆر و مەسەلە جیاوازیەکان بۆ ئەوەی خەڵکی وا هەست بکات شەریعەت هەمووی جیاوازیە و کۆدەنگی لەسەر هیچ شتێکی ئایین دا نیە ! .. بە ئومێدی ئەوەی خەڵکی بگەنە ئەو ئاستەی کەوا هەست بکەن ئەگەر دین بریتی نەبێت لە چەند یاسایەکی دژ بەیەك بۆچی ئەو هەموو جیاوازیە لە بۆچوونەکان بەدی دەکرێ ؟! ... خوێنەری بەڕێز ئامانجی عەلمانیەکان و هۆکاری پێداگرتنیان لەسەر ئەم خاڵە ئەوەیە شوێنەواری دوو دڵی و گومان لە دەروونی موسڵمانان جێبهێڵن بە هیوای ئەوەی خەڵکی بە گشتی ڕوو لە ئاین وەرچەرخێنن .

٦. دروستکردن و دامەزراندنی قوتابخانە و زانکۆ و مەڵبەندی ڕۆشنبیری بیانی کەلە ڕاستی دا مل کەچە بۆ سەرپەرشتی کردنی وولاتە عەلمانیەکان و بەوپەڕی توانا کاردەکەن لەسەر پچڕاندنی پەیوەندی نێوان موسڵمان و ئاینەکەی و هاوکات لەگەڵ بلاوکرنەوەی بیرۆکەی عەلمانیەت لەسەر فراوانترین ئاستدا بەتایبەتی لە بوارەکانی فەلسەفە وکۆمەلایەتی ودەرونیدا .

٧. خۆگرێدان و پاڵکەوتن لەسەر هەندێ بنچینەی شەرعی کە بەستراوەتەوە بە چەند بەندکارێکی شەرعی و بەکارهێنانی ئەم بنچینە شەرعیانە دور لەشوێن و دور لە رەچاوکردنی بەستێنەرەوەکان ، جا لەپاڵ بەکارهێنان و پاڵکەوتن لەسەر ئەو بنچینانەی کە باسمانکردن بوار بۆ زۆربەی بۆچوونە گومڕاکەرەکەیان دەرەخسێنن بۆ نمونە : بەکارهێنانی بنچینەی بەرژەوەندیە (المصالح المرسلة) کان کە لە ڕاستی دا دور لە حەقیقەت و ناوەڕۆکی مەسەلەکە حاڵی بوون و بۆ هەر کارێك کە خۆیان بیانەوێت

ئەنجامی بدەن یان ئەنجامی نەدەن کە بە کردنی یان نەکردنی قازانج بە قایمکردنی بیرۆکەکەیان بگەیەنێت لە وولاتی موسلمانانندا بەکاری دەهێنن ، هەروەها بنچینەی کردنی کەمترین زەرەر یا بنچینەی زەرورەت شتە یاساغ کراوەکانە یاخود بنچینەی لادانی خراپە پێش خراوە بەسەر وەدەستهێنانی چاکە ـ یا گونجانی ئیسلام لە هەموو کات و شوێنێکدا ـ جا وەك گوتمان بە پاڵکەوتنیان لەسەر ئەو بنچینانە و چەندانی دی ئیسلام دەتوێتەوە لەنێو چەندین بیرۆچکە و بۆچوونی تر ، هەروەها ئەم بنچینانە دەکەنە خاڵی دەستپێکردن بۆ گواستنەوەی هەموو پەیڕەوێکی ئابووری و ڕامیاری لەوانەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا باوی هەیە ، بۆ وولاتی موسلمانان بێ ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی لە ناوەڕۆکی کارەکەیان ووریا ببێتەوە .. جا بەڕای من ئەم ڕێڕەوە خەتەرناکترین ڕێڕەوە بۆ چەواشەکردنی خەڵکی بەهۆی بەکارهێنانی ئەو بنچینە شەرعیانەی کە لەلایەن موسلمانان دانپێهێنراو معتەبەرە وە لە ڕاستی دا ئاشکراکردنی ئەم ڕێڕەوانە بەشێوەیەکی فراوان و گفتوگۆکردن لەسەری پێویستی بە نووسراوێکی تایبەتی هەیە بۆ لابردن و ڕەواندنەوەی تەپ و تۆزی ئەم بابەتە ، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە (علمانیەکان کاتێك کە لەکارەکانیاندا پشت بەو بنەماو بنچینە شەرعیانە دەبەستن لە ڕوانەگەی بڕوا بوون بە ئیسلام و تێر و تەسەلی بەرنامەکەیەوە نیە ، کە ئەو بنچینانەی لێوە سەرچاوەی گرتووە ، بەڵکو تەنها مەبەستیان لەم کارەدا گەیشتنە بەمەرامە گلاوەکانیان و بەس ؟!

## واجبیەتی موسڵمان

لە سێبەری ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەمڕۆ موسلمانان تێدا دەژین و وا پێویست دەکات لەسەر تاك ـ فردی ـ موسلمانان بەو پەڕی جددی و ئامادەکاریەوە کاربکات بۆ گۆڕینی ئەو واقعە تاڵ و پڕ ئێشەی کە خەریکە نەتەوەی ئیسلام بە گشتی لە بەرنامەکەی دور بخاتەوە وە موسلمانان ئەمرۆ بە گشتی پێویستە لەسەریان هەرچی توانایان هەیە بەکاری بهێنن لە کات و ماڵ و گیان و رۆلە بۆ وەدەست هێنانی مەبەست .. وە بەڕاستی و بە شێوەیەکی گەورە و چەکی قورسایەکەش دەکەوێتە سەرشانی زانایان و بانگ بەرانی ڕێگای خوا ، چونکە ئەوان پێشەنگ و پێشەوا و دەم ڕاستی خەڵکن وەدەبێ بزانین کە موسلمانان هیچ ڕێگا چارەیەکی لەبەر دەم دانیە تەنها وەرگرتنی زانست و کارکردن بە زانست نەبێت ، چونکە ئەو زانیاریەی لە مەیدانی

کردەوە کاری پێ نەکرێت ئەوا هیچ لە واقیع ناگۆڕێت و ئەو کارەش کە زانست ڕابەرایەتی نەکات تێکدانی زیاترە لە بنیادانی .
وە مەبەستم لە زانیاری ئەو زانیاریە نیە ، دەربارەی هەندێ بابەتی فیقهی لاوەکی یا بە هەندێك ئاداب و ڕەوشتی پەسەند ، هەروەك چۆن هەندێك کەس زۆر لە ئەندازەی خۆی گرینگی پێ دەدات ، بەڵکو مەبەستم پێ لە زانیاری ئەو زانیاریەیە کە بەهۆیەوە باوەڕێکی ڕاست لە دڵدا بچەسپێت و خۆشویستنی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) وە بەرنامەکەی لەسەرووی هەموو خۆشویستنێك بێت .. بەڵێ باوەڕێك ببێتە داینەمۆی کارکردن بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی دینی خوا لەسەر زەوی دا ئەگەر ئەنجامەکەشی لەدەستدانی ماڵ و گیان بێت ، وە بەڕاستی ئەم جۆرە بڕوایەش دەست ناکەوێت ، تەنها بەهۆی زانیاری ڕاست نەبێت بە ناوەڕۆکی ئەم ئایینە و بە حەقیقەتی یەکتا پەرستی کە بناغەی کۆشکی بڕوایە لە دینی ئیسلام ، پاشان پێویستە ئەم شتناە بناسرێن کە مەترسیان بۆ سەر ئاین هەیە و ئەو دوژمنانەی خەریکی پیلانن و ئەو پڕو پاگەندانەی لە دژی هەلدەبەسترێت و دواتریش پشت بەستن بەو کەسانەی بڕواداری ڕاستەقینەن و بەری بوون لەوانەی دوژمنی ئەم دینەن . جا ئەگەر بێت و پێویست بێت لەسەر موسڵمانان فێربوونی دین خۆماندوو کردن بەدوای شارەزابوون لە ئاییندا بۆ ئەوەی بە دڵنیایی و بەرچاو ڕوونی شوێن بەرنامەی خوا بکەوین ، ئەوە بەهەمان شێوە پێویستە لەسەر موسڵمانانی خاوەن پێنووس هەوڵی زیاتر بدەن بۆ نووسینی ئەو پەڕاوانەی دەبنە هۆی زێتر پێکەوە لکانی موسلمانان بە ئاینەکەیان بە جۆرێك هەموو شەرعی خوا بەو شێوەیەی کە ئیسلام دایناوە لێ ووردبینەوەی لەگەل بکرێت و گرینگی بە لایەنێك نەدرێت لەسەر مافی لایەنەکەی تر و باسێك لەسەر مافی باسێکی تر گەورە نەکرێت ، لەم ڕوانەگەوە نووسەران و بڵاوکەرەوان دەبێ زۆر گرینگی بەم خاڵە بدەن و پێوەی پابەندبن ، بەتایبەتی لەم بارودۆخە دژوارەی کە نەتەوەی ئیسلام پێدا تێپەڕ دەبێت ، چونکە بەڕاستی لێوەشاوە نیە بۆ وەڵامدانەوەی ویستی جەماوەر جەختت لەسەر لایەنێکی دیاری کراو لە لایەنەکانی دین بکرێت لەگەل پشتگوێ خستنی چەند لایەنێکی تر کە لە تەرازوی ئیسلامدا سەنگینتر و بەهادارتر بێت .. بەڵام ئێمە مەبەستمان دووبارەکردنەوەی هەڵەی ئەو کەسانە نیە کەداوای پشتگوێ خستنی لایەنێکی بچووك بکەین بەمەبەستی گرینگی دان بەلایەنێکی گەورەتر ، بەڵکو ئێمە مەبەستمان هاوسەنگی یە ، بەجۆرێك بڵاوکردنەوەی نوسراوەکان بەئەندازەی پلە و پایەی باسەکان بێت . چونکە بەڕاستی ڕاست و ڕەوانی یە کتێبخانەی ئیسلامی لێواو لێو بێت لە پەڕاوی جۆراوجۆر دەربارەی ( جن ، جادو ، زوهد ، وەرەع ، یادەکان ، کردەوە بەرێزەکان ، لقی لقە فقهیەکان و هاوێنەیان ) کەچی لەملاوەش خاڵی خاڵیە لەو کتێبخانەی کە جێگەی بایەخدانی زۆرن لە ئیسلامدا بۆ نمونە :

١) یاساکانی فیقهی ڕامیاری لە ئیسلامدا : یا بە تەعبیری کۆن (الاحکام السلطانية) .
٢) گفتوگۆکردنی ئەو ڕێچکە و قیچکانەی کەوا لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاو بونەتەوە وەك { عەلمانی ، دیموکراتی ، ڕەگەز پەرستی ، سۆشیالیستی ، چەندین گرووپی تر کە خاوەن بیر و بۆچوونێکی (کوفر)ین وەك حزبی بعث }
٣) ئەو پەڕاوانەی لەبارەی جیهاد دەدوێن : مەبەستم لە جیهاد تەنها واتای فەرزبوون و بەردەوام بوونی نیە تا ڕۆژی دوایی ، بەڵکو لەگەل ئەوشدا مەبەستم جیهادی ئەو هەڵگەڕاوانەیە کە ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا فەرمان ڕەوان و ، ئەو خاوەن دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ بیرۆچکەی سۆشیالیستی و عەلمانی و دیموکراتی و نەتەوایەتی و چی و چیان کردۆتە دین لە وولاتدا و خەڵکی پێوە پابەند دەکەن .
٤) قسەکردن لەبارەی چۆنیەتی گێڕانەوەی جێ نشینایەتی بزرکراوو گەلێك بابەتی بەهاگرانی تر لە ژیانی موسڵمانانداا .. جا ئەگەر وورد سەرنج بدەینە ژمارەی ئەو پەڕاوانەی لەم بارەیەوە نووسراون و بەراوردیان بکەین لەگەل بابەتەکانی تر ئەوا سەرت سوردەمینێت ! وە ئەگەر سەرنج بدەیتە ڕاددەی فرۆشتنی جۆری یەکەم لەگەڵ جۆری دووەم ئەوکاتە زۆر لە جاران زیاتر سەرت سوردەمینێ ! .. ڕەنگە نووسەر و بڵاوکەرەوەکان بڵێن خەڵکی حەز بە خوێندنەوەی ئو بابەتانە ناکات .. بەڵام لەکەیەوە خاوەن پێنوس و بڵاو کەرەوەکان بەپێی وویستی خەڵك شت دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە ؟ ، جا ئەگەر واش بێت ، کەوا بوو ئێوەش بەشدارن بەبەشێکی گەورەش لەم کارەدا ، چونکە ئێوە بەرچاوتان ڕۆشن نەکردۆتەوە لە مەترسی گرینگیدان بە لایەنێك دەکات لەچوارچێوەی چەند پەرستن و ڕەوشت و نەریتێکدا ، بەڵکو ئێستا دەبینین بەرنامەی خوا لەلای زۆربەی خەڵکی گۆشەگیر کراوە لە نوێژ و ڕۆژی و چەند وویرد و زیکر و پۆشاکێکدا یا لەچوارچێوەی چەند بابەتێکی فیقهی بازاراویی فەرموودەیی .. خۆ ئەگەر باسی کاریگەری و بەهاداری هەندێك بابەت بکەین کە هەلقولاوی یەکتا پەرستی و باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی و قسەکردن دەربارەی فەرمانکردن بە یاسای خوا و پابەند بوون بە شەرع وە هەوڵدان بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلام و گێڕانەوەی خەلافەت و پووچی و دەغەلی بیردۆزە کوفریەکانی وەك عەلمانی و دیموکراتی و هاووێنەکانیان ، گومانی ئەوەت پێ دەدەن و دەڵێن : باس لە دینێکی تر جگە لە دینی ئیسلام دەکەین چۆن ڕەوایە دین تێکەڵی سیاسەت بکرێ ؟!

بۆیە پێویستە بۆ ڕاستکرنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونانە ، بانگ بەرانی ڕاستگۆ لە چوارچێوەی ووتاری هەینی و بازنەکانی وانەی مزگەوتەکان و کۆڕو کۆبونەوە جەماوەریەکان هەوڵی تەواو

بدەن ... هەروەها پێویستە لەسەر ئێمەی نووسەر و بڵاوکەرەوە بەشداری ئەم پارچە پارچەبوونەی ئاین نەکەین و ئاین بەشێوەیەکی قرتێندراو پێشان نەدرێت بە بیانووی وەڵاودانەوەی ڕای جەماوەر و جوڵاندەنەوەی بازاڕی کڕین و فرۆشتن .. چونکە گەر وامان کرد ئەوا داواکاریەکی زۆر پیرۆز و گەورەی عەلمانیەکانمان جێ بەجێ کردوە کە بریتییە لە تەسکردنەوەی بواری ئایین و دورخستەوەی لە واتای ووشەی گشت گیر و دابڕینی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزاد .. وە لەوانەشە نووسەر و بڵاوکەرەوەکان بڵێن : بۆیە لەم بابەتانەشت نانوسین چونکە بابەتی چارەنوسی زۆر گەورەن و هەڵەکردن تیایدا بە ئاسانی بەسەرمان ڕەت نابێت و ئەم جۆرە باسانە پێویستیان بە زانیاریەکی تەواو هەیە و لەتوانای ئێمەدا نیە ..... لەوەیان منیش لەگەڵیاندام ، لە ڕاستی دا زۆربەی ئەوانەی لەم بابەتانە شت دەنووسن ئاگاداریەکی تەواویان نیە ، بەڵام جا ئەگەر ئەمەڕاست بێت کە ڕاستیشە دەی باشە مامۆستا و زانا بەڕێزەکان لەکوێن ؟ . ئەگەر ئەم کارە ڕۆڵ و پیشەیان نەبێت دەبێ ئەرك و ڕۆلیان چی بێت لە کاری ئیسلامیدا بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە پڕ لەناسۆریە .؟! وە هەر لەبارەی زانست و بلاوکردنەوەی دا ، کۆمەڵی مامۆستایان لە نزمترین پلەکانی خوێندن تا بەرزترین پلەی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی ئەرك و پێویستیەکی زۆریان دەکەوێتە سەر شان کە هەندێکیان بریتین لەمانەی خوارەوە :

١. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەك لە خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێت و فێربوونی زانست بەتەنها نەبێتە مەبەستی خوێندن ، وە لە سۆنگەی ئەوەی کە ئاینەکەمان بەرنامەیی خواوەندە و لە شتی پڕو پوچ بەدوورە ، وە لەبەر ئەوەی زانست بە شێوەیەکی گشتی لە دروستکراوەکانی خوای گەورە دەکۆڵێتەوە بۆیە هیچ دژایەتییێك دروست نابێت و بەڵکو دەتواندرێت بەهۆی زانستە سەلمێندراوەکان زۆر چەمك و دەستەواژەی ئاینی ڕاڤە بکرێ ، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستایان گرینگی بەم خالە بدەن و بە خاڵێکی سەرەکی بزانن .

٢. پاککردەنەوەی وانە زانستیەکان لەو (کفر) و گومرای یانەی تێکەڵی کراوە چونکە وادەبێت کە ئاواشە ئەو پرۆگرامەی کە داڕێژراوە خەڵکانێکی ناحەز و نامۆ بە ئایین دایان ڕشتبێت بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستای پابەند بە دینی خوا وانە زانستیەکان وەکو خۆی ڕاڤە نەکات بگرە مافی ئەویش نیە و دەبێ پەردە لەسەر دەستەواژە کوفریەکان لابەرێ و خوێندکارانی لێ ئاگادار بکاتەوە و تەنها وەکو مامۆستای وانە نەبێت ، بەڵکو ئەم زانیاریانە بلکێنێت بە ئیسلام و وەکو پەروەردەکارێك ڕۆڵی خۆی بنوێنێت . هەموو هەڵێك بقۆزێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکێك یا واتایەك لە ئیسلامدا یا خستنە ڕووی

**بابەتێك لە بابەتەكان یا بە هەمووو توانایەك گرینگی زیاتر بە فێربوونی زانیاری شەرعی بدەن بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی كە خوای پەروەردگار ئەركی گەیاندنی خستۆتە سەر شانی بەندەكانی .**

---

## كۆتایی

لە كۆتایی دا دێینە سەرباسی كاركردن بەو زانیاریە ..... مەبەستم لە كاركردن ئەو كاركردنە نیە كەسەرەنجامی سوود و قازانجەكەی بۆ تاكی كرێكار دەگەڕێتەوە ..... ئەوەیان خوازراو و چاكە .. بەڵام مەبەستم ئەو كارەیە كە سوود و كەڵكی بۆ نەتەوەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بە گشتی .. جگە لە خودی كرێكار ... ؟!

ئەوەی پێویستە بیزانین و كاری پێبكەین ، خۆمان و ئەوانەی لەژێر دەستماندا هەن ، وە بەوەندەش نەوەستین بەڵكو بانگەشەی خەڵكیشی بۆ بكەین و لە كاكلەی دین حالی بكرێن و دوژمنی ڕاستەقینەی پێ بناسرێت و پەی بەرێت بە قەوارەی ئەو ناسۆریانەی كە نەتەوەی ئیسلام پیایدا دەڕوات ..... ئەوەیە كە دەبێت كار بەو ئاینە و بۆ ئەو ئاینە بكرێت ، وە دەبێ خەڵكی لەسەر ئەو شتەی كە خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) خۆشیان دەوێن كۆبكرێنەوە و خۆڕاگربن لەبەرامبەر ئازار و مەینەتی ڕێگا و كۆسپ و نارەحەتی مەبەست و ئاواتمان لەلا ئەستەم نەكات .. ئەوانە و زۆر شتی تریش نابێ ببنە مایەی كۆڵدان و پشوو سورای وە دەبێ خەبات كاربێت لە ڕێگەی خودا و شەڕ بكەین لەگەڵ هەر كەسێك كەدەیەوێت شەڕ لەگەڵ دینی خوا و پێغەمبەر بكات (ﷺ) .. وە بەڕاستی من بەو كارەم پێم وانیە قسەم دەربارەی پێویستی سەر شانی موسڵمانان كردبێت وەكو پێویست بەڵكو وەك یادخستنەوە و وەبیرهێنانەوەیەك بۆ هەموو لایەك داواكارم لەخوای گەورە سوود و قازانجی هەبووبێت ....

اللهم آمین .

محمد شاكر الشریف